# لاوانی کوردستان لەدەست بێکاری هەراسان و نیگەران دەبن

بێکاری دەردێکی کوشندەی کۆمەڵە، بەهۆی بێکارییەوە کێشەو گرفتی جۆراوجۆر سەر هەڵدەدەن. لاوان بەرەو لارێی دەبات، کێشە کۆمەڵایەتییەکان قوڵ دەبنەوەو شیرازەی خێزان لێکدەترازێ، بەوهۆیەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەرنامەڕێژی گونجاو بۆ بنبڕکردنی بێکاری دادەندرێ. دەزگەی کار لە دابین کردن و دۆزینەوەی هەلی کارکردن بەرپرسیار دەکەن. بەهەموو شێوازێک هەوڵدەدەن کە وڵاتیان بێکار نەبن. بۆ ئەو مەبەستەش کۆرسی جۆراو جۆری فێرکردنی پیشەیی دەکرێتەوە. لەو وڵاتانەی کە بیمەی بێکاری (سۆسیال) هەیە، سۆسیال و دەزگەی کار هاوهەنگی لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بێکارەکان رەوانەی کارگەو کۆرسەکان دەکەن، مەرجی وەرگرتنی بیمەی بێکاری بە بەشداریکردن لەو کۆرس و دەورەی پراکتیکدا دەبەستەوە. ئەوەش هاندەرێکی باش دەبێ تا کەسی بێکار بەهۆی کۆرس و پراکتیکەوە لەسەر کارێک رابهێنرێن و مەیلیان بەلای ئەو کارە بڕوات و تێیدا جێگیربن. مخابن لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا ئەوانە بە خەون و خەیاڵ لێکدەدرێنەوە. کەسی بێکار دەبێ بۆ خۆی بە دوای کاردا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە، بەڵام فراوانبوونی شارەکان و زۆربوونی دانیشتووان دۆزینەوەی کاری بە زەحمەت کردوە، بۆیە دەبێ دەزگەی کارو دامەزراوەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن حکومەتەوە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن. بۆ بە دواداچوونی کێشەی بێکاری بە پێویستمان زانی چەند لایەنێکی ئەو کێشەیە لێکبدەینەوەو رای لاوان و کەسانی بێکار وەربگرین.

## بۆچوونی کرێکاران

زۆربەی ئەوانەی کە ئێمە پرسیارمان لێکردن، کێشەی بێکاری بە دەردێکی کوشندە دادەنێن و پێیانوایە کە ئێستا لەشکرێکی بێکار لە کوردستاندا هەیە، بەتایبەتیش لەناوچەی گەرمیان و پارێزگای کەرکوک دا.

**محەمەد رەسول**، گەنجێکی بێکاری شاری کەرکوکە، دەڵێ: رۆژانە بۆ مەیدانی کار دەڕۆم، بەڵام هەموو رۆژێک کارم دەست ناکەوێ، ئەگەر منیش کار نەکەم، خێزانەکەمان بێ بژێو دەمێننەوە، بۆیە بەهەر جۆرێک بێت، دەبێ کار بکەم. بەداخەوە کورد گوتەنی: زگی تێر ئاگای لەبرسی نیە.

**هیدایەت شوکر**، گەنجێکی 23 ساڵەی گەرمیانە، لەبەر بێکاری رووی لە شاری سلێمانی کردوە، ئەو سەبارەت بە ژیانی خۆی و ناسیاوانی دەڵێ: ناوچەی گەرمیان فەرامۆش کراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ناوچەی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکانە، ئێمە 22 ساڵە لە کولەمەرگیدا دەژین، زۆربەی گەنج و لاوانی گەرمیان بێکارن، پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە کەمە، ئەگەر هەشبێ ئێمە بە نسیبمان نابێ کاری تێدا بکەین، بۆیە ئەوەتا رووم لە شاری سلێمانی کردوە، لەگەڵ دوو برادەری دیکە خانوومان گرتوە، بەڵام زۆر سەختە، ئێمە کاری بەردەواممان نیە، دەبێ کرێی خانوو بدەین، بژێوی رۆژانەی خۆمانی لێ دابین بکەین و لە خەمی بنەماڵەکەشمان دابین، ئەوەش ئاسان نیە، بۆیە پێمانوایە کە دەبێ بەرپرسان بە جدی ئاوڕ لەو مەسەلەیە بدەنەوە.

**مەغدید سلێمان**، کرێکارێکی شاری هەولێرە، رۆژانە بەخۆی خاکەناسەکەی لەسەر شەقامی مەخموور رادەوەستێ و دەیەوێ کەسێک بۆ کارکردن بانگی بکات، ئەو سەبارەت بە کێشەی بێکاری دەڵێ: 'من نالێم ئیش نیە، هەیە، بەڵام بەهۆی هاتنی عەرەب و کەسانی ناوچەکانی دیکە بۆ هەولێر، ئیش بە ئاسانی دەست ناکەوێ. ئێمە لە 20 هەزار کەمتر ناچین، بەڵام عەرەبەکان بە 10 هەزاریش دەچن، خەڵکیش تا ئەوان هەبن، ئێمە نابەن، دوایی ئێمە ناتوانین وەک ئەوان بکەین، ئەوان کەس نایان ناسێ، یەخەی خاوەنکار دەگرن و لە کۆڵی نابنەوە. هەرچەندە ئەمن زگم بەو کرێکارانەش دەسوتێ، لە سەرێکەوە وەکو ئێمە کرێکاری دەکەن و لە دەست نەبوونی هاتوون، لەسەرێکی دیکەشەوە ئەوان زۆربەیان لەسەر شەقام و ناو پارگەکاندا دەنون، ئەوەش وایکردوە کە ژیانیان سەخت و قورس تربێ. من پێموایە کە دەبێ حکومەت رێ لە هاتنی کرێکارانی بێگانە، ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستان و عێراق دێن، بگرێ، ئەگەر کرێکاری بەنگلادیشی و تورکی نەهێنن، بێگومان رەوشی ئێمە باشتر دەبێ، ئەو کرێکارانەی دیکەش کە روو لە شاری هەولێر دەکەن، ئەوانیش ژیانیان باشتر دەبێ و دەتوانن دوای ئیشکردن لە شوێنێک پشوو بدەن، بەڵام ئەوان دوای ماندوبونێکی زۆر دەچن لەسەر جادەکان پاڵدەدەنەوە، من دەپرسم: توخوا ئەمە حاڵە؟

## بۆچوونی خەڵک

دانیشتوانی شارەکان ئەوانەی کە رۆژانە بە چاوی خۆیان هەم کرێکارەکان دەبینن و هەم لەگەڵ لەشکری بێکاران رووبەڕوو دەبنەوە، وێڕای ئەوەی کە داخباری خۆیان دەردەبڕن و هیوای ئەوە دەخوازن کە لایەنی پەیوەندیدار چارەسەرێک بدۆزێتەوەو وڵات لە بێکاری دەرباز بکات، لەهەمان کاتدا کۆمپانیاو حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکەن کە رێ بە هاتنی کرێکاری بێگانە دەدەن. وڵاتی **خدر مام رەشید** بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دیار دەکات: 'ئەمن دوکاندارم، ئەو خەڵکە دەبینم کە لەسەر جادەکان رادەوەستن و چاوەڕوانی کەسێک دەکەن کە بێت و بۆ ئیشکردن بانگیان بکات. هەروەها هەندێک لەو گەنجە بێکارانەش دەناسم کە رۆژانە دێن و لەبەر دوکانەکەی من دادەنیشن. ئەمن دەزانم گەنجەکانیش حەز دەکەن کارێکیان هەبێ کە لایەقی خۆیان بێ. هەرچەندە هەندەک گەنج فێرە پاڵدانەوە بووەو خوی بە تەنبەڵی گرتووە، بەڵام نابێ ئەوە بکرێتە پێوانە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری گەنجەکان دەیانەوێ بە ئارەقی ناوچەوانی خۆیان بژین و چاویان لە دەستی دیتران نەبێ. هەندێک لەو گەنجانە هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردوە، حەز دەکەن کارێک بکەن کە لەگەڵ توانای خۆیان بێتەوە، بەڵام دەستیان ناکەوێ، بۆیە من داواکارم کە حکومەت دوو رێگە هەڵبگرێتەوە، یەکەمیان: ئیش بۆ بێکاران بدۆزێتەوە و دایانبمەزرێنێ. دووەمیان: هاوینان کار بۆ ئەو قوتابیانە بدۆزێتەوە کە دەیانەوێ کاربکەن.

**نەخشین عەزیز** کە دوو کوڕی بێکاری هەیە، سەبارەت بەو کێشەیە دەڵێ: 'کوڕەکانی من بە دوای کار دەگەڕێن، بەڵام کارێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێ کە لەگەڵ خۆیان بوەشێتەوە، کوڕێکم زانکۆی تەواو کردوە، ماوەی دوو ساڵە بێ ئیشە وەختە لە داخان شێت ببێ، چەندین واستەشمان بۆ کردوە، بەس دەڵێن دامەزراندن راگیراوە!! ئەوەی دیکەشم تەڵەبەیە، ئێستا لەگەڵ خزمێکمان لەسەر چادە شوتی و گوندۆرە دەفرۆشن، بەڵام ناشوکری نەبێ، ئەوە هیچ کارکردن نیە، هیلاکییکی زۆر و پارەیەکی کەم.

## ئاکامی راپرسیەکان

زۆرێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکان سەبارەت بە بێکاری راپرسی و لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، بەوهۆیەوە دەردەکەوێ کە بێکاری لەنێو لاوان دا بە رێژەیەکی ترسناک گەیشتووە. ئاخر ئەگەر لە وڵاتێکدا نیوەی گەنجان بێکار بن، واتە ئەو وڵاتە دووچاری کارەسات دەبێ و داهاتوویێکی نادیار چاوەڕوانی دەکات.

یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق ئاشکری کردوە کە بەبێ راپرسی بۆیان دەرکەتووە کە 66.5%ی گەنجانی گەرمیان هەلی کارکردنیان بۆ نەڕەخساوە. ئەگەر ئەو راپرسیە بە نموونە وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە لاوانی کوردستان لە دەست بێکاری وەزاڵە هاتوون، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار چاوی خۆی داخستووەو وەکو پێویست بەهانای لاوانەوە نەچوە، گەنجێک ئەگەر کاری نەبێ، چۆن دەتوانێ ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنێ؟! گەنجێک ئەگەر بێکار بێت، چۆن دەتوانێ بژێوی خێزانەکەی دابین بکات؟!

## چارەسەر

خەڵکی بە نیگەرانییەوە لە کێشەی بێکاری دەڕوانن، بەڵام حکومەتی هەرێم هێندە بایەخی پێنادات، زۆرێک لە بەرپرسەکان توێژی لاوان بە تەنبەڵ و کارنەکەر تۆمەتبار دەکەن، بەڵام رێی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هێندە گران نیە، چونکە حکومەتی هەرێم دەتوانی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگەکان دابمەزرێنێ، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەکردەوە دەزگەی کارپەیداکردن بۆ دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران بەپرسیار بکات. هەروەها حکومەت دەتوانێ بەشێک لەو پارەیەی کە لەخۆڕاوە بۆ کرینی ئۆیۆمۆبیل بۆ پەرلەمتاران و بەرپرسان سەرف دەکرێ بۆ بواری کارپێکردنی گەنجان تەرخان بکات. هەروەها حکومەت دەتوانێ بەشێک لەو پارەیەی کە بێبەما بۆ گۆڤارو رۆژنامەو فیلمەکان سەرف دەکرێن، بۆ دروستکردنی کارخانەیێکی بەرهەمهێن تەرخانی بکاتی، بەوهۆیەوە چەندین گەنج لە بێکاری رزگار دەکەن. تەنانەت ئەو پارەیەی کە لە خۆڕاوە بە دەزگەی راگەیاندن و مێدیاکانی حزبەکان دەدرێ، ئەو پارەیەی کە لەسەر میزاجی بەرپرسان بە رێکخراوەکان و ناوەندەکان دەدرێت، ئەگەر وەک یارمەتی بۆ بنەماڵە بێکارو نەدارەکان تەرخان بکرێ، دەتوانێ تا رادەیێکی زۆر هەژاری و نەداری کەم بکاتەوە. کەواتە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری راستەوخۆ لەدەست حکومەت و پەرلەماندایە. دەبێ ئەوانیش راستوێژانە بیری لێبکەنەوەو بەرنامەی بۆ دابڕێژن، دەنا رەوشی بێکاری وەک هەڕەشەو مەترسییێکی لەسەرپێ دەمێنێتەوەو لەکاتی خۆیدا گورزی کاریگەر دەوەشێنێ.

**ئامادەکردنی: شازین**



# کچان لە نێوان خەتەنە کردن و دەردی قەیرەیی دا

ماوەیەکی درێژە چالاکوانانی بواری مافی مێینە لە هەوڵ و تێکۆشان دان تاوەکو دیاردەی خەتەنەکردنی کچان کۆتایی پێ بێ و یاسایێک دەربچێ و خەتەنەکردن قەدەغە بکات. زۆربەی رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ گلەیی و گازاندەی خۆیان سەبارەت بە خەتەنەکردنی کچان گەیاندۆتە بەرپرسە باڵاکانی کوردستان. هەرچەندە خەتەنەکردن لەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا برەوی پێدراوە، بەڵام ئێستا کوردستان کراوەتە ئامانج؟!

سەرەنجام هاوارو گازی چالاکوانان گەیشە گوێی زانایانی ئایینی، ئەوانیش بە فەرمی وەڵامیان دایەوەو رایانگەیاند کە سەرپەرشتیاری منداڵ خۆی دەتوانێ بڕیار بدات، واتە فتوای قەدەغەکردن نەدرا و کێشەکەش بێدەنگی لێکرا. ئێستا کە زۆرینەی چالاکوانان خەتەنەکردنی کچان بە کێشەیەکی ترسناک و لەژێر پێنانی مافی مێینە لێکدەدەنەوە، بەڵام کارێکی ئەوتۆ بۆ بنبڕکردنی دیاردەی قەیرەیی ناکەن و چارەسەرێکی بۆ نادۆزنەوە.

قەیرەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی گشتگیرە. لەنێو زۆربەی گەلاندا هەیە، واتە لە رەوشێکی دیاریکراودا کچان و کوڕان گیرۆدەی ئەو دیاردەیە دەبن، بەوهۆیەشەوە لە ژیانی هاوسەرێتی بێبەش دەبن، ئەوەش نەخۆشی جۆراوجۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. دەکرێ بڵێین کە ئێستا کۆمەڵی کوردەواری دووچاری ئەو نەخۆشیە هاتووە، رێژەی قەیرەیی لە هەڵکشاندایە، هەندێک پێیانوایە کە قەیرەیی خۆی لە خۆیدا ئازارێکی کوشندەیی رۆحەو دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

چارەسەر قەیرەیی خۆی لە گرەوی هاتنە کاییەی شۆرشێکی کولتووری و رۆشنبیری و بەرەوپێشەوەچوون دەبینێتەوە. هەر کاتێک کولتوری کۆنەپارێزی کۆتایی هات، چاخێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی قەیرەیی دێتە پێشەوە. کاتێک مافی مرۆڤ پڕ بە واتای خۆی دابین و مسۆگەرکرا، ئەو کاتە مرۆڤەکان خۆبەخۆ پێشگری لە قەیرەیی دەکەن. راستیەکەی هەموو کێشەکان پێکەوە بەندن و یەکتر تەواو دەکەن. کێشەی قەیرەیی تەنیا بە هاوسەرگیری کۆتایی نایێ. دەبێ هاوچەرخانەو شارستانیانە چارەسەر بکرێ. هەر کاتێک کێشەی بێکاری، هەژاری و دەستکورتی کۆتایی پێبێ، هەرکاتێ خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان فەراهەم بکرێن، هەرکاتێک شەڕو کوشتار دوایی بێ و لاوان نەکرێنە خۆراکی ئارەزووی شەڕانگێزی و شەیتانی دەستەڵاتداران، ئەوکاتە ویست و ئارەزوی عەشق و ئەڤین خۆیان بڕیار دەدەن و کێشەکە یەکلایی دەکەنەوە.

هەرکاتێک ئەندامانی پەرلەمان وەک نوێنەری خەڵک رەفتاریان کردو یاسایان دەرچواند، هەرکاتێک حکومەت پێداویستی ژیانی بۆ لاوان دابین کردو قەیرانی نیشتەجێبوونی نەهێشت، ئەو کاتە بڕیاری بەجێ بۆ بنبڕکردنی دیاردەو کێشەی قەیرەیی دەدرێ و چارەسەر دەکرێ.

**گەشاو فەتحی**

# بواری گەشت و گوزار خۆی لە فەرامۆشیدا دەبینێتەوە

بە گەواهی زۆربەی سروشتناسان کوردستان دیمەنی دڵرفێن و سروشتێکی لەباری بۆ گەشت و گوزار هەیە. تاڤگەو سولاف، کێوو شاخ، دەشت و مێرگ، دۆڵ و زنارو زەنوێرە و کوێستانەکانی کوردستان هێندە دڵگیرن کە زۆر بە ئاسانی سەرنجی رێبوار بەلای خۆیانەوە رادەکێشن، بەوهۆیەشەوە دەکرێ وەک هاوینەهەوار سودیان لێوەربگیرێ، بەڵام کەبۆچی تا ئێستا وەکو پێویست ئاوڕ لە بواری گەشت و گوزار نەدراوەتەوە، پێویست بە هەڵوەستەو وەڵامێکی ناوەڕەهێن دەکات.

شەڕو جەنگەکانی رژێمی بەغداد لەگەڵ ئازادیخوازانی کوردستان هۆکارێک بووە کە بەردەوام ئەو شوێنانەی لەژێر هەڕەشەو مەتیرسیدا راگرتووە، ئەوەش وایکردوە کە رێبوار خۆی بپارێزێ و بە دەگمەن نەبێ رووی تێنەکات، بەڵام لە دوای راپەڕین و بەتایبەتیش لە دوای روخانی رژێمی بەعس دەکرا سوود لە سروشتی کوردستان وەربگیرێ و بواری گەشت و گوزاری پێ ببوژێندرێتەوە.

هەرچەندە تا ئێستا زۆرێک لە ناوچە سنووریەکان بەردەوام لەلایەن تۆپخانەکانی ئێران و تورکیاوە بۆردومان دەکرێن، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە ئیدی دەست لە بواری گەشت و گوزار بشۆین و خۆمانی پێوە ماندوو نەکەین.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی و ژینگە دەتوانن پێکەوە پرۆژەی جۆراوجۆر لە بواری گەشت و گوزار ئەنجام بدەن، هەم سەرنجی رێبوارانی بیانی پێڕابکێشن، هەمیش لە رووی ئابوریەوە قازانجی لێبکرێ.

حکومەت و بازرگانان دەتوانن پرۆژەی گەشت و گوزاری جۆراوجۆر لە ناوچەکانی باڵەکایەتی، هەورامان، ئامێدی و شوێنەکانی دیکە ئەنجام بدەن، چونکە لەو شوێنانەدا دەیان کانی و هاوینەهەواری سروشتی و درەختی خۆڕسک هەن، تەنیا بە یەنجامدانی چەند هۆتێل و سەیرانگەو شوێنی مەلەکردن و راکردن، دەتواندرێ زۆرترین گەڕۆک و رێبوار بۆ لای خۆیان کێش بکەن، بەتایبەتیش دانیشتووانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و وڵاتانی کەنداو. بۆیە لێرەدا وەک کوردستانییێک داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەم کە ئیتر ئاوڕێک لە بواری گەشت و گوزار بداتەوە، نیشتمانەکەمان ببوژێنێتەوەو سەرنجی دیتران بۆ کوردستان رابکێشێ تا بێن لێرە پشوو بدەن، تێر تێر سەیری دیمەنی سروشتی، تاڤگەو کانیاوی دلڕفێن بکەن، لەناو مێرگ و زەنوێری سەرسەوزدا خۆیان لەبەر هەتاو هەڵبخەن، چونکە ئەگەر بواری گەشت و گوزار بایەخی پێبدرێت، عەرەب و ئەوروپاییەکان بە لێشاو روو لە کوردستان دەکەن، بەوهۆیەشەوە هەم لە بواری ئابووری قازانج دەکەین، هەمیش دۆست و هاوسۆزی زیاتر بۆ کێشەی کورد پەیدا دەبن.

**کامەران وەلی**